
70 کتێبی گیرفان

دێریدا

ڕەخنە لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی

وەرگێڕانی: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا



43632

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: دێریدا رەخنە لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی

وەرگێڕانی : عەبدولوتەلیب عەبدوللا

بابەت: فیکری و فەلسەفی

بەرپرسی هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان

سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق

ژمارەی سپاردن : ٧٦١ ی ٢٠٠٥

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم سالّی ٢٠٠٥

کوردستان -سلێمانی

www.sardam.info

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوەڕۆک

پێشەکی	٥
ستراتیژییەتی جیاوازی لای دریدا	١٩
دریدا: هەڵوەشانەوەی فەلسەفەی نامادە	٣٣
کاریگەری بونیادگەری لە سەر فەلسەفە	٥٤
بەهای هەڵوەشانەوەگەری	٧١
ڕەخنەی سێنترالیزمی خۆرئاوایی لە چەمکی زانستی	٨٨

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

(١)

هەڵوەشانەگەری و پۆست مۆدێرنە، هەر لە میانی بە دواداچوونی جیاوازی و ناودژییەکانەوە، ئەرزش بۆ بە پەراوێزکراوو دوورخراوەو چەپێنراوەکان دەگەڕێنێتەوە، وەک چۆن هەڵگری ستراتیژییەتێکی هەمەکییە، بە هەمان شێوەش لە ڕێگەی لۆژیک و زمان، پرسیار لە چەمکە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی خۆرئاوایی دەکات و دوالیزمەکان هەڵدەوەشێنێتەوە.

هەر لە ساڵی (١٩٨٠) هەڵوەشانەوەگەری وەک پرۆژەیەکی تیۆری تەواوی بواره زانستییەکانی گرتەوە، سەرەڕای بواری فەلسەفەو ئەدەبو شیکردنەوەی دەروونی، لە بواری هونەرو بیناسازیدا کۆڵەکە جێگرو بێ جوڵەکانی نەخشەی کۆنی خستە جوڵەو جێگیربوونی لە بنەڕەتەوە هەڵتەکاندو کۆمەڵێك ریشەو بونیادی نارێك و ناڵۆزو پڕ ڕەهەندی لە شوێنی دانا، هەروەك کۆمەڵێك گۆشەو ناودژی و ڕەهەندی جۆراو جۆری بەرجەستەکرد، کە دواجار ئەو تاودژی و ڕەهەندو گۆشانە وەک مەسافەو هێزێکی پڕ ماناو نیستێتیکی بەرز

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

دەرکەوتن، هەر لە رێگەی نەو ناودژی‌و جیاوازییانەوە بەردەوام نەخشەی دیکەی بەرهەم دەهێنایەوە.

(٢)

لۆگۆسێنترالیزم یەکێکە لەو شانازییانەی کە ئەورووپا نازی پێوە دەکات، دیارە لە پشت نەو سێنترالیزمانەوە کۆمەڵێك بیریارو فەلسەفەکار وەستاون، لەوانەش دیکارت‌و گوتەزاکەی بە زەقی دەردەکەون، بۆیە (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم) لە لای دریداو بیری پۆست مۆدێرنەوە دەخرێتە بەر ڕاڤەکردن‌و لێکدانەوەی جیاوازەوە.

دیکارت لە نێوان (من)‌و (بیرکردنەوە) هەژموونی ئەورووپا بە سەر تەواوی جیهاندا دەبینێ، منی دیکارتی هەڵگری میتۆووی ئەورووپایە‌و تەعبیر لەو سێنتەرە دەکات، کە ئەورووپا بەردەوام خۆی تیا دەبینێتەوە، منی دیکارتی منێکی بەرزو مەزنە، لە نێوان بیرکردنەوەی دیکارت‌و من بە هیچ جۆرێك بۆشایی‌و دەرفەتێك بۆ من‌و بیرکردنەوەی یەکێکی دیکە بەدی ناکرێ، نەوەش دەڵالەت لەوە دەکات کە فیکر لای دیکارت تایبەت بەو منەوەیە، هەر خودی نەو منەش دەبێتە سەرچاوەی بیرکردنەوە، بەو مانایەش جگە لە (من) کەسێکی

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

دیکەی جیاواز توانای بیرکردنەوەی نییە، جگە لە ئەورووپا فیکر لە هیچ شوێنێکی دیکە نادۆزرێتەوە، هەروەها بەشی دووەمی گوتەزاکەی تەنکید کردنە لە سێنتر، بێ ئەوەی ئەو منە هیچ کەفالەتێك بەرەوا ببینێ، واتە ئەوەی کە دەیبینێ بەراستی بە خودی شتەکەی دادەنێ، لێرەدا سێنتر دەبێتە ئەو ئاوێنەو بیرکردنەوە تیایە رەنگدەداتەوە، تەعبیر لە حەقیقەتو ئەسڵچی بیرکردنەوە دەکات، بەو مانایەش پرسیار لە هەبوون نییە، بەڵکو سێنتر کە بیر دەکاتەوە (بیرکردنەوەش بۆخۆی ئەسڵو جەوهەری سێنترە) بوون دەچەسپێنێ، لە بەر ئەوەی ئەوە (من/سێنتر)ە بیر دەکاتەوە، کەواتە بێ هیچ دوودڵی و نیگەرانیو گومانێك (بوون) دەبێتە راستییەکی حاشا هەڵنەگر، من بیر دەکەمەوە، کەواتە بە هێزی مێژوو، بە هێزی ئەسڵو جەوهەر، من هەم، کەواتە بە کەفالەتی سێنتر بوونم حاشا هەڵنەگرە.

(من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم) گوتەزایەکە فیکر تەنها بە لایەقی خۆی دەزانێ، خۆی ئەسڵو جەوهەری بیرکردنەوەیە، فیکری هێناوەتە ناراوە، بەو مانایەش نێمە، ئەوان نێوە، تۆ، ئەویدی توانای بیرکردنەوەیان تیا بەدی ناکری، نەگەر بیریش بکەنەوە،

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library